www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 10:58 14-10-2006

## سەرنووسەری (هاوڵاتی)

ئێمە حیساب بۆ ئەوە ناكەین بڵاوكردنەوەی ئەو فایلانە خزمەت بە كێ دەكات و لە دژی كێیە

دیمانە- گۆران خۆشناو... یەكگرتوو

بڵاوكردنەوەی فایلی ناوی ئەو كەسانەی كەهاوكاری دەزگای ئیستیخباراتی بەعسیان كردووە هەڵلایەكی زۆری ناوە. كە رۆژنامەی هاوولاتی و ئاوێنە لە یەك كات و تەوقیتدا بۆمبێكی رۆژنامەگەرییان تەقاندەوە، ئامانج چی بوو؟ راستی و دروستیی فایلەكان چەند بنەمادارە وهاوولاتی چەندە سوورە لەسەر راستیی ئەو فایلانە؟ خەڵك دەپرسێت ئەم هەڵا ئیعلامەی لەم كاتەدا بۆ؟ خەڵك بێزارو توڕوبوو رۆژنامەكە سەرنجی خەڵكی راكێشا بۆ لایەكی تر؟ ئەم پرسیارانەو چەند قسەیەكی تر ئاراستەی رۆژنامەنووس (توانا عوسمان) سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتیمان كردوو بەرێزی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.

- رۆژنامەی هاووڵاتی و ئاوێنە لە یەك كات و تەوقیتدا بۆمبێكی رۆژنامەگەرییان تەقاندەوە، دەكرێت بزانین ئامانج چی بوو؟

+ بێگومان ئامانج دروستكردنی لێكۆڵینەوەیە لە هەموو ئەوانەی كە فایلیان هەبووە، بڵاوكردنەوەی ئەم فایلانە ئەمە جاری دووەمە، جاری یەكەم لە مانگی (4ی 2003) لەو كاتەدا كۆمەڵێك فایلمان بڵاو كردەوە كە زۆر لەمانە گرنگتر بوو لە رووی قیمەی رۆژنامەنووسیشەوە زۆر بەهێز و كاریگەر بوون لەوەی ئێستا و كەسەكانیش لە رووی سیاسییەوە لە پلەو پایەی هەستیارتر بوون لەوەی ئێستا، بەڵام بەداخەوە لەم رۆژگارەدا بە گرنگ وەرنەگیرا، بەڵام ئێمە لە جاری دووەمدا دەستمان پێكردەوە بەو هیوای لەم جەولەیەدا لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێت.

- راستی و دروستیی فایلەكان چەند بنەمادارە و ئێوە چەندە سوورن لەسەر راستیی ئەو فایلانە؟

+ هەموو ئەو فایلانەی كە لە ساڵی (2003) و ئێستا بڵاو كراونەتەوە و ئەوانەی كە ماون و بڵاویش نەكراونەتەوە، لە بەرنامەماندایە بڵاوی بكەینەوە، هەموو ئەوانە مێژووی دەستكەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی (4ی 2003) و ئەو فایلانەی كە ئێستا بڵاو كراونەتەوە هەمان ئەو میسداقیەتەی هەیە كە لە ساڵی (2003) بڵاو كراوەتەوە.

هەموو لایەك بەداخەوە بێدەنگییان لێ كرد و لێكۆڵینەوەیان لەسەر نەكرد، تێبینییەكم هەیە لەسەر فایلەكان تەئكیدین لەسەر ئەوەی كە هەموو فایلەكان هی موخابەراتن و ئامادەشین تا ئەو ئەندازەیەی كە لە كاتی پێویستدا نیشانی دەسەڵاتی قەزائی بدەین، بۆ یەكلاكردنەوەی، بەڵام ئێمە حەقمان بەو لایەنە نییە كە موخابەرات لەسەر چ ئەساسێك و لەسەر چ پرەنسیپێك و بنەمایەك ئەو ناوانەی پۆلێن كردووە و هاوكاریی لەگەڵدا كردوون، چونكە ئەوە ئیشی موخابەرات خۆیەتی.

- دەكرێت سەرچاوەی فایلەكانمان وەك جۆر بۆ دیاری بكەیت، (حكومی، سیاسی، كەسی (شخێی)، دەولی؟

دەتوانین ئەوە بڵێین بە تەئكید دڵنیاتان بكەمەوە كە ئەو فایلانەی لەلامانە نە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە نە لەلایەن حیزبی سیاسییەوە دەستمان كەوتووە، هەرهەمووی سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو كەس، كە لە ساڵی (2003) لە مانگی چواردا ئەو فایلانەیان پێ داین، باشترین بەڵگەش كە ئێمە بتوانین جگە لەوەی لە سوێند و قەناعەتپێكردن، تاكە دەلیلی مەلموس كە لە رووی رۆژنامەگەرییەوە خەڵكی زیرەك بیكاتە بەڵگە، ئەوەیە كە ئەو فایلانەی لەلامانە پێش هەموو شتێك ناوی حیزبەكانی تێدایە و پشكی شێریش بۆ یەكێتی و پارتی دەڕوات، بێگومان لەبەرئەوەی بەهێزتر و باڵادەسترن لە

کوردستان لەبەر ئەوە موخابەراتی عێراقی لەو دوو حیزبە زیاتر بەدوای کەسا گەڕاون و خەڵکیان (تجمید) کردووە، لەناو یەکێتی و پارتی و هەموو حیزبەکاندا خەڵکی تیایە، بەراستی لە بەرژەوەندیی هیچ لایەك نییە کە خاڵێکی زۆر گرنگە ئەگەر خەڵکێك لەم وڵاتە دیراسەی هەبوایە، ئەوە خەڵك ئیستینادی بکردایەتە سەر لێکۆڵینەوە و، مەڵبەندی ستراتیژی هەبوایە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو فایلانە، بۆ ئەوەی ئیهتیمامێکی عاتیفی نەبێت بڕوات و یەکێك بە ڕێکەوت ناوی خۆی یان حیزبەکەی تێدەکەوێت، یەکێتی و پارتی لە (2003) وە تاوەکو ئێستا ئێمە وەکو ڕۆژنامە ئیحتیکاکمان لەگەڵیان هەیە، هەتاوەکو ئێستا پێش بڕیارەکەی کاك مەسعود و ئێستاش دوای بڕیارەکە هەر هەوڵی داخستنی ئەو فایلانە دەدرێت و لەئارادایە، هەوڵ دەدەن بە هەموو شێوەیەك ئەم دۆسیەیە داخەن.

لە ساڵی (2003) ئێمە لە گەورەترین دەرگاوە چووینە ناو کەیسی فایلەکانەوە لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزبەکانەوە کە ناوماڵی حیزبە و (حلقە چیقە) ی حیزبی دەبوایە گەورەترین (تغلغل) ی سیاسی و ئەمنی و دروست کردایە، بەڵام هیچ وەستانێکی لەسەر نەبوو، ئەوە بوو (کاك مەسعود) لە TV ڕایگەیاند کە هەموو ئەوانەی پارتین ئێمە خۆمان ناردوومانن، دواتریش (مام جەلال) شتێکی لەم شێوەیەی وت و دواخرا.

ئێمە پێم وایە و ئێستاش یەکێتی و پارتی هەموو هێزی خۆیان خستۆتە گەڕ، تەنانەت جیهازی ئیعلامییان بە ئیهمالکردنی ئەم قەزیەیە، کە ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی دابخرێت، دەیانەوێ دابخرێت، ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە ئەم سەرچاوانە پەیوەندیی بە پارتی و یەکێتییەوە نییە وەکو باسم کرد دوو دۆست لە مانگی (4ی ساڵی 2003) دا کە خۆیان لە بەغدا بوون و لەو موداهەمەیەدا بوون، کە موخابەراتی عێراقی مووداهەمە کرابوو لە ژێرزەمینەکاندا فایلەکانیان دەرهێنابوو دوو برادەر کە ئێستا هاوکارمانن لە بەشی کورد (شعبە الاکراد) بەشێکی زۆری ئەو فایلانەیان بۆ هێناوین، نەك لێی هاتۆتە سەر ئەو فایلانە، دەتوانم بڵێم لێی کەم بۆتەوە لە هاووڵاتی، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆریشمان ماوە کە ئەم جارە بڕیارمان داوە بەردەوام بین لەسەری و بەڵگەش لەسەری کە هیچ لایەن و حکومەت و کەس هاوکاریی نەکردوین ئەوەیە کە هەموولایەکی تیایە، بەڵام یەکێتی و پارتی لە هەموویان زیاترە لەبەرئەوەی دوو هێزی باڵادەستن.

- خەڵك دەپرسێت ئەم هەڵا ئیعلامییە لەم کاتەدا بۆ؟ خەڵك بێزار و توڕە بووە، ئێوە سەرنجتان ڕاکێشا بۆ لایەکی تر..

+ هیچ ئەجێندایەکی دیاریکراو لە پشتەوەی بڵاوکردنەوەی ئەو فایلانەوە نییە جگە لە (ربگ) کردنەوەی بە دادگاییکردنی سەدام لەسەر دۆسیەی ئەنفال و مەسەلەی ئەو هاوکارییە کوردانەی کە گوایە پێشڕەویی حەرەس جمهوری و هێزەکانی سوپای عێراقییان کردووە بۆ ئەنفالکردن، لەگەڵ فایلی بەعسدا بە باشمان زانی کە ئەو فایلە هەڵبدەینەوە، جگە لەمە هیچ بۆنەیەکی تر بۆ لەکەدارکردنی شەخسێکی دیاریکراو بۆ حیزبێکی یاریکراو بۆ گۆڕینی تێڕوانینی خەڵك لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر لەئارادا نەبووە و لە ئەجێندای ڕۆژنامەی هاووڵاتی نەبووە، لەلایەکی ترەوە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو تەفسیرانەدا نین کە بڵێین ئێمە بە بڵاوکردنەوەی ئەو فایلە تێڕوانینی خەڵك لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر گۆڕابێت، بە بەڵگەی ئەوە ئەگەر خەڵك تووڕە بووبێت و ئەم قۆناغە قۆناغی ناڕەزاییەکان بێت دەتوانم بڵێم کە ئامانجی ئێمە نەبووە زیادمان کردووە، تۆ کەفایلی هەموو ئەوانە هەڵدەدەیتەوە کە ڕۆژگارێك تێکۆشانیان پێ فرۆشتوویت و خۆیان بە (ولی امر) ئەم وڵاتە زانیوە و باڵادەست بوون و سەروەت و سامان و ئاسایشی وڵاتیان لەدەستدا بووە.

کە لەوان کەسێك بە سیخوڕ دەربچێت تۆ بەمە توڕەیی خەڵك زیاتر دەکەیت و ناڕەزایی خەڵك لە پرۆسەی گەندەڵی و گەندەڵکاری بەهێزتر دەکەیت، کە ئەمەش ئەجێندای ئێمەش نەبوو لەراستیدا.

- بەم هەنگاوە خزمەتی حیزبەكانی دەسەڵاتتان نەكرد، هەیە دەڵێت هەر ئەوان تاوانبار نین، گەرچی دەسەڵاتیشیان لەدەستدایە، بەڵكو ئەوان سیخوڕییان بەسەرەوە كراوە و پیلانی تیرۆركردنیان بۆ دانراوە، كەواتە ئێوە جوانیان دەكەن؟

+ ئەو فایل و دیكۆمێنتانەی كە لەبەردەستماندایە بەراستی حیساب بۆ ئەوە ناكەین بزانین چەندی لە خزمەتی كێیە و لە دژی كێیە، ئێمە تەعامول لەگەڵ دیكۆمێنتەكە دەكەین، لەو فەترەیەدا پرسیارێك دروست بوو كە ناوی برادەرێك لە هێزێك چۆن چۆتە ناوی و نامۆیە و نازانم چی... ئێمە وتمان ئێمە ئەوەی لێی دڵنیاین تەنها دیكۆمێنتەكەیە، ئەو موناقەشەیەی كە هەندێك حیزبی ئیسلامی بەتایبەتی كۆمەڵی ئیسلامی كە خەریك بوون دروستی بكەن لەگەڵماندا، ئێمە تەحەمولی ئەو موناقەشە ناكەین، ئێمە خەڵكێكی رۆژنامەنووسین و بەس دەستمان دەگاتە دیكۆمێنتەكە و دەتوانین لەوە دڵنیا بین كە راستە یان نا، بەڵام مەرامی سیاسی بۆ نموونە موخابەرات چی بوو لەو ناوە و، ناوی (مامۆستا عەلی باپیر) ئایا لە خیلالی پیاوێكەوە بووە بۆ خۆبردنە پێشەوەی خۆی دەمجی كردووە بە سایەی ئەوە و... هتد، ئەوە لە قودرەتی ئێمەدا نییە، بەڵام تەبیعەتی پەیوەندیی ئیستیخبارییەكە لەسەر چ ئەساسێك بووە، ئەوە (تاهیر جەلیل حەبوش و بەرزان تكریتی) ئەوانە دەتوانن وەڵامی ئەوە بدەنەوە.

دیكۆمێنت هەیە كە باس دەكات قیاداتی پارتی سیخوڕ بوون و دیكۆمێنت هەیە دەڵێت خەڵك هەیە چاودێری كراوە و خۆی رەبتی بە شوعبەیەكی ترەوە هەبووە و سیخوڕ بووە، ئیشكردنی موخابەرات زۆر ئاڵۆزە، پیاو هەیە لە یەك كاتدا چاودێریی خەڵكانێكی كردووە و سیخوڕ بووە و سیخوڕێتیی بەسەرەوە كراوە، ئێستاش بۆیە ئەو دیكۆمێنت و فایلانەمان بڵاو كردەوە، كە نە هەڵبژاردن لە ئارادایە نە هیچ شتێكی تریش لەئارادایە، كە زیان بەو پرۆسەیە یان كەسێك بگەیەنێت.

- بەڵام ئێستا یەكێتی سەرقاڵی هەڵبژاردنەكانیەتی و پارتیش كۆنگرەی لەپێشە؟

+ ئەم خاڵە راستە، هەڵبژاردنەكانی یەكێتی مایەی فشارێكی (یحفی) بووە لەسەر ئێمە، كە ئێمە هەندێك شت بڵاو بكەینەوە كە كاریگەریی بەسەر هەڵبژاردنی حیزبەكە بكات، لەراستیدا ئێمە دەمانەوێت لە دوور و نزیك بەكارنەهێنرێت و نەبین بە ئەجێندەیەكی سیاسی لەبەر هیچ هێزێكی دیاریكراو، حەز دەكەم لە رۆژنامەكەی ئێوەوە بڵێم كە هەندێك هەواڵمان لایە ئەمانزانی كە بڵاوكردنەوەی كاریگەری لەسەر هەندێك پاڵێوراوی ئەو هەڵبژاردنەی یەكێتی دەكات و بڵاومان نەكردەوە.

هەندێ هەواڵمان هەیە لەسەر هەندێك خەڵك كە لەناو هەڵبژاردندا خۆیان هەڵدەبژێرن، كە ئێمە بڵاویان بكەینەوە، رەنگە كاریگەرییان لەسەر بكات، ئەوكاتە ئێمە دێینە ناو تەرحی هەڵبژاردنەكانی یەكێتی و كێشمەكێشی سیاسی.

- ئەگەر ئەو لیژنەیەی كە سەرۆكایەتی بریاری پێكهێنانی داوە، ناڕاستی و نادروستیی ئەو فایلانەی سەلماند، هەڵوێستی ئێوە چی دەبێت؟

پێم وایە فایلەكانمان ناسەلمێندرێت كە ساختەیە، وەكو هەندێك لەو كەسانە كە ناویان هەیە وای ناوزەد دەكەن، هەندێك لەو كەسانەی كە لە فایلەكانی تر ناویان نەبوو دەستخۆشییان لێ دەكردین، بەڵام ئێستا كە ناوی ئەوی تیایە بە ساختە وەسفی دەكات دڵنیام كە وا نابێت، فایلەكان ئەوانەی لەلامانە بە تەسەوری من لەلای حیزبەكانیش هەیە، ئەو ناوانەی كە بڵاومان كردۆتەوە حەز دەكەم بزانین راستە بۆ رای گشتی موفاجەئەی تیایە، بەڵام بۆ حیزبەكان هیچ موفاجەئە نییە، ئێمە خۆمان ئاگامان لە كاردانەوەی سەركردایەتیی هەموو حیزبەكانە و هەموان لەناو خۆیاندا دەزانن كە ئەو ناوانە لەناو خۆیاندا هەبووە و ناویان هاتووە لە فایلی موخابەراتدا و ئاگایان لەو جۆرە فایلانەش هەیە بە شێوەیەك لە شێوەكان نوسخەی تری ئەو فایلانەیان بینیوە، بۆ رای گشتی موفاجەئەیە و بۆ

خۆیان متەوەقیعە بە تەسەوری من ئەگەر لیژنەکە لیژنەیەکی حەقیقی بێت، ئەو مانایە بێت کە سەرۆکی هەرێم باسی دەکات لە راسپاردەکەیدا کە گوایە حاکمێکی بێ لایەن و لیژنەیەکی نەزیهی سەربەخۆ سەرپەرشتیی بکات، بە تەسەوری من لە قازانجی هاووڵاتی و رای گشتیش دەبێت.